KURDISTAN NET
کوردستان نێت
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 2-10-2007 0:08

**کاتێک ڕاگەیاندنی کوردی شکست بە هەوڵەکانی حکومەتەکەی دێنێ!!!.. مەریوان نەقشبەندی**

هێشتنەوەی پۆستی وەزارەتی ئەوقاف لەحکومەتی هەرێمی کوردستاندا بڕیارێکی سەرپێی نەبووە بەڵکو دەبێ دوای هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی هەموو لایەنەکان و ئیجابیەت و سلبیەتی کاری وەزارەتی ئەوقاف بوبێت و ڕەنگە بڵێم ئەم بڕیارەی سەرکردایەتی کورد یەکێك بووە لەدروستترین بیرکردنەوەکانی سەرکردایەتی کورد و پەرلەمان و حکومەتی کوردستان، چونکە فەرامۆشکردنی نزیکەی (4000) مزگەوت لەکوردستاندا کەنزیکەی (1800) یان وتاری ڕۆژی هەینی تێدا پێشکەش دەکرێت و هەفتانە زیاتر لە نیوملیۆن موسڵمان (بەبێ بەرامبەر) و بەخواستی خۆیان ڕوو لەم مزگەوتانە دەکەن و گوێ لەمامۆستای مزگەوتەکان دەگرن و زۆربەشیان کار بە ڕێنماییەکانیان دەکەن، بزانن چ کارەساتێکی بەدوادایە ئەگەر ئەو مزگەوتانە و مامۆستاکانیان بێ ڕێکخستن و بێ ساحێب بەجێ بهێڵرێن؟؟ ئاخۆ بەبێ وەزارەتی ئەوقاف گروپە تیرۆرستیەکان چ فیتنە و چەند شەری خوێناویان لەنێوان موسڵمان و مەسیحی و ئێزیدی و تەنانەت لەنێوان مەزهەبەکانی کوردستاندا درووست دەکرد؟؟، هەموان دەزانین بەرەڵاکردنی مزگەوت و شوێنەئاینیەکان پێشتر چ زیان و چەند گروپی تیرۆرستی و تاوانکاری لەکوردستاندا دروست کرد و چەند مزگەوت و تەکیە کرابوونە بارەگای ڕەسمی و نهێنی و جێگای کۆبونەوەی حزبی؟؟لەبەرامبەریشدا مامۆستایانی ئاینی و مزگەوتەکانی کوردستان ڕۆڵیان چۆن بوو کاتێك لە ڕێنمایکردنی خەڵکیدا بەدوورکەوتنەوە لەتیرۆر و چەسپاندنی گیانی پێکەوەژیانی ئاینی و بەهێزکردنی هەستی نەتەوەیی لەناوکۆمەڵگای کوردەواریدا شان بەشانی دامەزراوە حکومی و غەیرەحکومیەکاندا کاریان کرد؟؟، ئاخۆ هیچ وەزارەت و ڕێکخراوێك لەکوردستاندا بەقەدەر وەزارەتی ئەوقاف و مامۆستایانی ئاینی لەچارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتی و تەندروستی و ئابووریەکاندا کاریگەری هەبوبێت؟؟تۆ بڵێی کەسێك لەکوردستاندا هەبێت ئاگای لەو ڕێنماییە بەردەوامەی مامۆستایانی ئاینی و وتاربێژی مزگەوتەکان نەبێت کەبۆ بنبڕکردنی دیاردەی کوشتن و خۆکوشتنی ئافرەتان و خۆ دوورخستنەوە لەمادە بیهۆشخەرەکان و خۆپاراستن لەنەخۆشیەکانی کۆلێرا و پێشتریش ئەنفلۆنزای باڵندە، داویانە؟؟.

زۆربەی هەرەزۆری مامۆستایانی ئاینی کوردستان دەست و چاوی حکومەت و گەلی کوردستان بوون لە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و مانەوەی هەرێمی کوردستان وەك ئارامترین ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، کەواتە مافی خۆمانە ڕوو لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردستان بکەین تاچەند ئەم ڕۆڵەی مامۆستایانی ئاینیتان پیشاندا، کام کەناڵی ڕاگەیاندن لەکوردستاندا سوپاسگوزاریەك یان ستایشێکی بۆ مامۆستایەکی ئاینی یان وتاربێژێکی کوردستان ڕەوانەکرد، لەکاتێکدا سەدان وتاری ستایش ئامێز بۆ (تۆماس فریدمان و فەرید زەکەریا و عەبدولڕەحمان ڕاشد و جیم هۆگلاند و کارول ئولیری و... هتد) نوسراوە و کراونەتە مانشێت و سەردێڕی هەواڵەکان.

بەردەوام مامۆستایانی ئاینی کوردستان ئامانجی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بوون و لەبچوکترین هەڵەیان نەبووراون و بەزەڕەبین بەدوای کەموکوڕی و هەڵەکانیاندا گەڕاون و زۆر جاریش وەك دێوەزمە مەلای مزگەوتەکانیان پیشانی ڕای گشتی و خوێنەران داوە،

ئەوەتا مامەڵەکردنی کرچوکاڵی سایتی پەیامنێر و ڕادیۆی زاگرۆس بۆ وتارێکی کۆنی مامۆستا مەلا عەبدولخالق (ئیمام و خەتیبی مزگەوتی ڕوناکی) شاری هەولێر بووە هۆی شکستپێهێنانی هەوڵەکانی وەزارەتی ئەوقاف لە ئیسلاح کردن و بەهۆشخۆهێنانەوەی ئەم مامۆستایە کە پێشتر وتارەکانی هاندان و توندڕۆییان پێوەدیاربوو بەڵام لەم ماوەیەی ڕابردودا شێوازی وتار و تێڕوانین و ئجتیهادی فیقهی ئێجگار بەرەو میانڕۆیی و واقعیەت ڕۆیشتبوو، سایتی پەیامنێر و ڕادیۆی زاگرۆس بەبێ بەدواداچوون و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لێکۆڵینەوە و بەبی ئەوەی لەکات و سەردەمی ئەو وتارە خۆیان و خەڵکی کوردستان و دەزگا ئەمنیەکان و وەزارەتی ئەوقاف دڵنیا بکەن و بەبی ئاماژەکردن بۆ کات و شوێن و هۆکاری ئەو وتارە، مەلا عەبدولخالقیان خستە سەردێڕ و مانشێتی هەواڵەکانیانەوە و توندرۆیی و هاندانی ساڵانێك لەمەوپێشی ئەو مامۆستایەیان کردە بەرهەمێکی ئەمڕۆی و لەسەر دەفرێکی زێڕین پێشکەش بە ئاسایشیی کوردستانیان کرد کەمن هیچ گلەییەکیان لێناکەم لەگرتنەبەری ڕێوشوێنی ئەمنیی پێویست لەبەرامبەر وتارێکی لەوشێوەیەدا کە سایتی ناوبراو لەگەڵ رادیۆی زاگرۆسدا وروژاندیان و ئەرکی دەزگاکانی ئاسایشە بە ووردی و بەزوترین کات بەدوای ئەوجۆرە هەواڵانەدا بچێت،

سەیر لەوەدایە بەڕێوەبەری سایتی پەیامنێر ئامادەنەبوو هیچ رونکردنەوەیەك لەمامۆستا مەلاعەبدولخالق لەسەر ئەو مەسەلەیە وەربگرێت و ئاماژەی بەوە دەکرد کە ئەو وتارە دژایەتیکردنی ئەزموونی کوردستانە و گرنگیش نیە وتارەکە کۆنە یان نوێیە، بەواتایەکی دیکە ئەو کەسانەی پێشتر توندرۆ بوون و دژی ئەزموونی دیموکراسی کوردستان بوون دەبی لێیان نەبوورین و ئەمڕۆ یان سبەی دەبی باجەکەی بدەن، ئەم تێڕوانین و بیرکردنەوەیەی سایتی پەیامنێر و بەرێوەبەرەکەی، تەواو پێچەوانەی بیرکردنەوە و سیاسەت و ستراتیژیەتی حکومەتی کوردستان و حزبەکانی کوردستانە، هەروەها پێچەوانەی هەوڵەکانی سەرکردایەتی سیاسی گەلی کوردە کە لە تێکەڵاوکردنەوەی کەسایەتی و هاووڵاتیە توندڕۆکان بەکۆمەڵگای ئاشتیخوازی کوردستان ئەویش دوای ئیسلاح کردن و تێگەیاندنیان، خۆ ئەگەر سایتی پەیامنێر و رادیۆی زاگرۆس بڕیاریان دابێت یان پێیان وابێت بەبڵاوکردنەوە و وورووژاندنی هەواڵێکی هاوشێوەی هەواڵەکەی مەلا عەبدولخالق سەرکردایەتی و حکومەتی کوردستان لەپەیامی لێبووردن و بەهۆشهێنانەوەی توندڕۆ و لادەرەکان پاشگەز دەکاتەوە، ئەوا تەنها مەلا عەبدولخالق توندرۆ و هاندەر نەبوە و من ئامادەم لیستێك کۆنە توندڕۆ و تۆمەتبار و کۆنە جاش و موستەشار پێشکەش بە سایتی پەیامنێر و رادیۆی زاگرۆس بکەم کە ئێستا وەك دەمڕاست و راوێژکاری ئاینی و فەرمانبەر و کادری حکومەت لەحزبەکانی کوردستان و تەنانەت لەراگەیاندنەکانی پارتی و یەکێتیدا (موعەززەز موکەڕەم) کاردەکەن.

naqshbandy@gmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.